هاوناز محەمەد

یاریزانی پاسکیلسواری لە شاری رانیە:

# خەونی هەموو یاریزانێکە بە درێسی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی کێبڕکێ بکات



یارییە جۆراوجۆرە وەرزشییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە شاری رانیە لە دەڤەری راپەرین بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە وەرزشکارانی ئەو ناوچەیەش گرنگی بە هەموو جۆرەکانی وەرزش دەدەن، یاری پاسکیلسوارییش یەکێکە لەو یارییانەی کە جەماوەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە، چەندین یاریزانی کچی بەتواناش لەم ناوچانە دەرکەوتوون، یەکێك لەم کچە یاریزانانە کە تاکو ئێستا لە هیچ یانەیەك یاری ناکات، کچە یاریزان هاوناز محەممەدە کە لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری رانیە و قوتابی ئامادەییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

* ئاستی یاری پاسکیلسواری لە کوردستان چۆن دەبینی؟

- یاری پاسکیلسواری لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بە هۆی ئەو قەیرانەی کە بەرۆکی کوردستانی گرتۆتەوە، ئەم بارودۆخەش وای کردووە هیچ یانەیەکی پاسکیلسواری نەکرێتەوەو گرنگی بە پاسکیلسواران نەدرێت.

*ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟

- بێگومان ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی هۆکارێکی گرنگە بۆ کەمبوونەوەی پاسکیلسواری و لاوازبوونی مەشق و راهێنان و دابەزینی گرنگی ئاستی پاسکیلسواری.

*پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی پاسکیلسواری زیاتر کچان بەرەو پێش بچێت؟

- پێم باشە لە شارەکانی کوردستان یانەی تایبەت بکرێتەوە و بتوانرێت کچان مەشق و راهێنانی خۆیانی تێدا بکەن، لە چالاکی و رۆژە تایبەتەکان بەشداری لە پاسکیلسواری بکەن.

*گرفتی یارییەکانی پاسکیلسواری زیاتر لە چیدا دەبینیت؟

-گرفتی پاسکیلسواری بە پلە یەك لە قەیرانی دارایی دەبینم کە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی وەرزشی پاسکیلسواری، چونکە تەنانەت بە وشەیەکیش بێت هیچ پشتگیری لە یاریزانان ناکرێت، دواتریش نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ ئەم یارییە.

*لە چ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟

- تاوەکو ئێستا بۆم نەهاتووە.

* بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟

-دەمەوێت زیاتر گرنگی بە وەرزشیی پاسکیلسواری بدەم و لەگەڵ ئەم یارییە بتوانم بەشداری وەرزشیی یاری بالە و مەلەوانیش بکەم.

*تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟

- بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم، بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە یاریزانانی خۆمان بدەین، چونکە راهێنەری وڵاتەکەشم کارامە و لێهاتوون و ئاستێکی بەرزیان هەیە لە مەشقدان بە یاریزانەکانمان.

*بۆچی تاوەکو ئێستا لە هیچ یانەیەك یاری ناکەیت؟

- بەهۆی خوێندنەکەم تاکو ئێستا دەرفەتێکی گونجاوم نەبووە لە هیچ یانەیەك یاری بکەم.

*داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟

-وەکو وەرزشوانێك داوا دەکەم هەڵومەرجێکی گونجاو بۆ ئەم وەرزشە بڕەخسێنن بە هاندان لە ڕێگای دابینکردنی یانە و شوێنی گونجاو بۆ ئەم وەرزشە.

*خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟

-خەونی وەرزشیم بریتییە لە بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرز لە پاڵەوانیەتییەکی جیهانی.

*بەهیوای ئەوەنیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟

-ئەوە خەونی من و هەموو یاریزانێکە بە درێسی هەڵبژاردەی وڵاتەکەمان بچینە کێبرکێیەکی جیهانی.

* بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟

- بە یاریزان ئلینۆر بارکەر

* ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گەلان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانانی کوردستان، بە هیوای ئەوەم یانەی تایبەت بە پاسکلیسواری لە شارەکانی کوردستان دروست بکرێت، هیواداریشم بتوانم بەشداری پاڵەوانیەتی جیهان بکەم.





# یۆڤانتۆس چاوی لە یاریزانێکی بەرشلۆنەیە

یانەی یۆڤانتۆسی پاڵەوانی شەش وەرزی رابردووی خولی ئیتاڵیا لەئێستاوە ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی زستانە دەکات و یاریزانێکی یانەی بەرشلۆنەشی کردووەتە ئامانج.

رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی بڵاویکردووە یانەی یۆڤانتۆس دەیەوێت لە گواستنەوەی زستانەدا گرێبەست لەگەڵ ئەندرێ گۆمێزی پورتوگالی و یاریزانی یانەی بەرشلۆنە مۆربکات.

بەپێی هەمان سەرچاوە ئەندرێ گۆمێز لەسەروی لیستی داواکارییەکانی ماسیمیلیانۆ ئەلێگری راهێنەری یۆڤانتۆسە و بەپێی چەند سەرچاوەیەکیش دەستەی کارگێری بەرشلۆنە ئامادەیە بەرامبەر ٣٠ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری یاریزانەکەی ببێت.

مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ بڵاویکردووە پێکانە یەك لە دوای یەکەکانی خزێرا و مارکیزیۆ و بیانیچ هۆکاری سەرەکی داواکارییەکەی ئەلێگرییە بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ ئەندرێ گۆمێزدا.

ئەندرێ گۆمێزی تەمەن ٢٤ ساڵ گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە هاوینی ٢٠٢١ تەواو دەبێت، ئەوەش لە کاتێکدایە هاوینی ساڵی رابردوو بەرامبەر ٣٥ ملیۆن یۆرۆ یانە کەتەلۆنییەکە لە یانەی ڤالێنسیاوە گواستیەوە ریزەکانی.




# ئەستێرەیەکی پێشووی لیڤەرپوول پێشبینی جێهێشتی کۆتینهۆ دەکات

ئیمیل هیسکی ئەفسانەی پێشووی یانەی لیڤەرپوڵ لە پەیوەندیکردنی فیلیپ کۆتینهۆی بەرازیلی بەیانەی بەرشلۆنەی ئیسپانییەوە دڵنیایە.

هاوینی ئەمساڵ یانەی بەرشلۆنە چوار جار گرێبەستی بۆ گواستنەوەی کۆتینهۆ پێشکەشکرد، بەڵام یانەی لیڤەرپوڵ گشت گرێبەستەکانی رەتکردووە.

سەرەرای ئەوەی یانەی لیڤەرپوڵ چوار جار گرێبەستی یانەی بەرشلۆنەی بۆ گواستنەوەی کۆتینهۆ رەتکردەوە، بەڵام دەستەی کارگێری بەرشلۆنە لە گواستنەوەی ئەو یاریزانە بێهیوا نەبووە.

ئیمیل هیسکی ئەستێرە و گۆڵکاری پێشووی یانەی لیڤەرپوڵ لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی ئێکسپرێسی بەریتانی راگەیاندووە بە پێویستی نازانێت کۆتینهۆ لیڤەرپوڵ بەجێبهێڵێت.

گوتیشی: هەرچەندە خواستی مانەوەی کۆتینهۆ دەکەم، بەڵام دڵنیام لەوەی پەیوەندی بەیانەی بەرشلۆنە دەکات، هەر یاریزانێکی پریمەرلیگ کاتێك دڵنیادەبێت بەرشلۆنە یاخود ریاڵ مەدرید هەوڵی گواستنەوەی دەدات ئەگەری زۆرە بۆچوونی بگۆرێت.




# تۆپی ئاڵتوونی بۆ نێمار گرنگ و جیاوازە

بەراورد بە مێسی و ڕۆناڵدۆ بەدەستهێنانی تۆپی ئاڵتوونی لەلایەن نێیمار جیاواز دەبێت و لەگەڵ بەزرکردنەوەی ئەو نازناوەدا بڕە پارەیەکی زۆر وەک پاداشت لەلایەن یانەکەیەوە وەردەگرێت.
ڕۆژنامەی لۆباریزیانی فەرەنسی ئاشکرایکرد، کە لە یەکێک لە بەندەکانی گرێبەستی نێیماردا ئەوە هاتووە لەگەڵ بردنەوەی خەڵاتی تۆپی ئاڵتوونی لەلایەن نێیمار، دەبێت یانە پاریسییەکە بڕی سێ ملیۆن یۆرۆ وەک پاداشت بداتە ئەو هێرشبەرە بەرازیلییە.
لەلایەکی ترەوە ئەوەش باسکراوە تا ئەوکاتەی گرێبەستی تەواو دەبێت، کە دوا وادەی ساڵی ٢٠٢٢ نێمار چەند تۆپی ئاڵتوونی بەدەستبهێنێت ئەوەندە پاداشت وەردەگرێت.
لە ئێستادا نێیماری بەرازیلی هاوشان لەگەڵ ڕۆناڵدۆی گۆڵکاری یانەی ریال مەدرید و لیۆنێل مێسی گۆڵکاری یانەی بەرشلۆنە کێبڕکێی بەدەستهێنانی تۆپی ئاڵتوونی دەکات، بەڵام بۆ وەرزی ٢٠١٧ کریستیانۆی پورتوگالی چانسی بەدەستهێنانی نازناوەکەی زیاترە بەهۆی ئەنجامە باشەکانی لە وەرزی ڕابردوودا لەگەڵ یانەکەی.



# زێرەڤانی لە ئامادەکاریی

تیپی تۆپی پێی یانەی زێرەڤانی دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو زۆر بە زەحمەت مانەوەی خۆی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان هێشتەوە بۆیە کارگێڕی یانەکە لەم وەرزە بە سەرپەرشتی ڕاهێنەری پێشووی یانەکە سلێمان رەمەزان مەشقەکانی دەست پێکردووە لەگەڵ هێنانی کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم وەرزە کێبرکێ لەگەڵ یانەکانی تری بەشدار لە خولەکە بکات، تیپی زێرەڤانیش لە ئێستادا خەریکی مەشق و



# پێشمەرگەی سلێمانی لە ئامادەباشیدایە

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو نەیتوانی خەونی سەرکەوتنی بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان مسۆگەر بکات، بەڵام ئەمساڵ یانەکە جیاواز لە ساڵانی تر ئامانجی بەدەستهێنانی پلێتی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستانی هەیە بۆیە ماوەی چەند هەفتەیە کە یانە بەسەرپەرشتی ئەرسەلان جەلالی ڕاهێنەر مەشقەکانی چڕ کردۆتەوە لەسەر یاریگای فەرماندەیی، لەبارەی ئامادەکارییەکانیش ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» تیپەکەمان بەردەوامە لە ئامادەکارییەکان بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە درووست بکەین بۆ بەشداری کردن لە یارییەکانی خولی یانە پلەیەکانی ئەمساڵ کە بڕیارە لە مانگی ١١ی ئەمساڵ بەرێوەبچێت، بۆیە ئێمە ماوەیەکە خەریکی ئامادەکارییەکی باشین بۆ ئەوەی بتوانین ئەمساڵ بە هەر جۆرێك بێت تیپەکەمان بە سەر بخەین، چونکە ئێمە چاومان لەوەیە بگەینەوە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، گوتیشی» کۆمەلێك یاریزانی باشمان هەیە دەتوانین بەم یاریزانانە دەتوانین کاری باش و ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، لەبارەی گرفتەکانیش ناوبراو گوتی» سوپاس بۆ خوای گەورە هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە ریزی تیپەکەمان بۆیە دەمانەوێ ئەم هەلە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باش و سەرکەوتنمان بۆ خولەکە مسۆگەر بکەین، تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگە لە چاو تیپەکانی تر باری دارایی زۆر باشترە لە تیپەکانی بۆیە هەموو ئەگەرێك لە بەردەم ئەو یانەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەمساڵ پلێتێکی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەستەبەر بکات، یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە کۆمەڵەی دووەمی خولەکە ڕووبەرووی هەر یەك لە یانەکانی کوردستان(سەورە، کفری،سۆلاف، خاك،ئاڵتون کۆپری ) دەبێتەوە یارییەکانیش بە شێوەی خول بەرێوە دەچێت.




# ـــەکانی بەردەوامە

ئامادەکارییەکانە بۆ دەستپێکی وەرزی نویٚ خولەکە زێرەڤانیش ئەمساڵ دەیەوێت هەموو هەولێك بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانیٚ کێبرکیٚ لەگەڵ سەرجەم تیپە بەشداربووەکانی ئەمساڵ بکات بۆیە سلێمان رەمەزانی ڕاهێنەر لە ئێستاوە کۆمەڵێك یاریزانی لاو و ژمارەیەك یاریزانی کۆنی تیپەکە لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی تری یانەکەی کۆکردۆتەوە لەسەر یاریگای خۆیان مەشق و پلانی تۆکمە دادەنیٚ بۆ ئەوەی بتوانیٚ تیپێك بە دڵی خۆی درووست بکات بۆ ئەوەی هەر چی نەبێت بتوانیٚ ئەمساڵ تیپەکە بچێتە نێو قۆناخێکی تازەی کێبڕکیٚ لەگەڵ بەهێزترین تیپەکانی خولەکە چونکە ئەمساڵ بە شێوەی خول بەرێوەدەچێت بە دوو کۆمەڵە.

# هەولێر ئەستێرەکانی دەگەڕێنێتەوە

دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی هەولێر دوای ئەوەی بڕیاریدا کەوا بەشداری یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی بکات کە بڕیارە لە ماوەی داهاتوو بەرێوەبچێت، بە مەبەستی بەهێزکردنەوەی تیپەکە و هێنانەوەی سەرجەم ئەو ئەستێرانەی کە وەرزی ڕابردوو بۆ یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق یارییان دەکرد بە هۆی پاشەکشەی یانەی هەولێر لە خولەکە، ئەمساڵ یانەکە گفتوگۆی لەگەڵ سەرجەم ئەستێرەکان کردووە و دەیەوێت بە هێنانەوەیان تیپەکە بەهێز بێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش کارگێڕی یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەردوو ئەستێرەی یانەکە میران خەسرۆ و کۆسرەت بایزی یاریزانانی یانەی شورتەی عێراقی مۆرکرد، بۆ ئەم مەبەستەش سەرچاوەیەك لە یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» هێنانەوەی ئەم یاریزانانە بۆ بەهێز کردنەوەی تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێرە کە ئەمساڵ بەنیاوە بەشداری بکاتەوە لە خولی نایابی عێراقی، بۆیە یانەکە دوای گەڕانەوەی ژمارەیەك لە ئەستێرەکانی یانەکەی کە سەرجەم یاریزانەکانی کوردی شاری هەولێر بوون، ئێستا بەفەرمی هەردوو یاریزانان میران خەسرۆ و کۆسرەت بایزیان گەڕاندەوە ریزی یانەکە و گرێبەستی لەگەڵ واژوو کردن، سەرچاوەکەش ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەم دوو یاریزانە گرێبەستی زۆر باشتریان هەبووە لەلایەن یانەکانی تری شارەکانی بەغدا و باشوری عێراقی، بەڵام ئەوان بۆ خۆشەویستی یانەی هەولێر بڕیاری گەڕانەوەیان داوە بۆ خزمەت کردن لە ریزی یانەکە و درێژدان بە خزمەت کردنی وەرزشی لە شاری هەولێرو یانەی هەولێر.

